## یاسای یەکەم  هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندورستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ٤**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٥/١٧**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١) لەمادده (٥٦)و مادده(٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٩)ی رۆژی(٢٠٠١/٥/١٦)یدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی١٩٩٧ پێمانی داوە بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی٢٠٠١
## یاسای یەکەم  هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندورستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم:

١ـ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە رێنمایی کردنی ئیش و

کاری و سەرپەرشت و ریقابەکردنی بزاڤەکانی . لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاساو پێڕۆدا هەموو رێنمایی یەک و بڕیاروفەرمانێ کە پێوەندیی بە ئەرک و فرمانی وەزارەتەکەو پێکهاتەکان و کاروباری دیکەی ئیداری و دارایی و رێکخستن و هونەرکاریی وەزارەتەکەوە هەیە خۆی دەریان دەکات و ، بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە چونکە ئەندامێکی هاوکۆمەکە لەو ئەنجومەنەداو ، بۆیشی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەتەکەو بەرێوە بەرەگشتی یەکانی یان هەر کەسێکی دیکە کە خۆی بیەوێ.

٢ـ بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری تەندروستی: ئەرکی پێوەندیدار بە کاروباری تەندروستی، ئەوانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ ئەنجام دەدات

٣ـ بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی: ئەرکی پێوەندیدار بە کاروباری کۆمەڵایەتی ، ئەوانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ ئەنجام دەدات

**دووەم:** بەرێوەبەریەکان و پێکهاتەکانی مەرکەزی وەزارەتەکە لەمانە پێک دێن:

١ـ مەکتەبی وەزیر: فرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکاو ژمارەیێ لە فرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٢ـ مەکتەبی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری تەندروستی: فرمانبەرێ بەرێوەی دەباو ژمارەیێ لەفرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٣ـ مەکتەبی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ بەرێوەی دەبات و ژمارەیێ لە فرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٤ـ بەرێوەبەرێتیی راگەیاندن و پەیوەندیی یەکان: بەمەکتەبی وەزیرەوە دەبەسترێ.

٥ـ دایەرەی یاسایی: بەوەزیرەوە دەبەسترێ.

**سێیەم:**

**ئەنجومەن**: لە هەردوو بریکارەکەی وەزارەت و بەرێوەبەرە گشتییەکانی

دیوانی وەزارەت و دایەرەکـانی دیکەی سـەر بە وەزارەت و ژمـارەییّ لە پزیشکە پسپۆرەکان و هەر فرمانبەرێکیش کە وەزیر لەگەڵیاندا دایبنێ، پێک دێت.

**مـاددەی دووەم** :هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**مـاددەی سـێـیـەم** : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**مـــــاددە ی چوارەم** : ئەم یاسـایە لەرۆژی بڵاوکـردنەوەی لە (وەقـایعی کوردستان) دا دەخرێتەبەر کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**